# کۆتایی دەوڵەتی عێراق و سەرەتای دەوڵەتی کوردستان: ناساندنی کتێبەکەی پیتەر گالبرێس

بەختیار کەریم

لە گفتوگۆی نێوان عێراقییەک و بەرپرسێکی ئەمریکیدا ئەمەی خوارەوە گووترا:

عێراقییەکە: دیارە تۆ زۆر بەوردیی مێژووی داگیرکردنی عێراقت لەلایەن بریتانیاوە خوێندوە.
بەرپرسە ئەمریکییەکە: (لوتبەرزانە) بێگومان.
عێراقییەکە: منیش باوەڕم وابوو، چونکە وادەردەکەوێت کە تۆ سووریت لەسەر دووبارەکردنەوەی یەک بە یەکی هەڵەکانیان.

لە کتێبەکەی "پیتەر گالبرێس"دا، لاپەڕە 98

## پێشەکیی

(تۆماس ریکس) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (فیاسکۆ: سەرەڕۆیی ئەمریکا لە عێراق)، وردەکاریەکانی جەنگی عێراقی دۆکیومێنت کردوە، باس لە کەمتەرخەمی و هەڵە کوشندەکانی بەڕێوەبەریتی بوش دەکات. بێگومان ریکس خۆی یەکێکە لەوانەی کە پشتگیری بوش و پارتەکەی دەکرد. (فوئاد ئەعجەمی) ئەکادەمیستێکی ناسراوی ئەمریکی، کە لە بنەڕەتدا شیعەیەکی لوبنانییە، ددان بەوەدا دەنێت کە ئەو یەکێکە لەو ژمارە کەمەی کەسانی ئەکادەمی کە پەیوەندییان لەگەڵ بەڕێوەبەریتی بوشدا هەیە و تا ئێستاش پێیوایە کە داگیرکردنی عێراق شەرعیەتی هەبوو، لە کتێبەکەیدا (بەهرەی بێگانە)، داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەڕێوەبەریتی بوشەوە بە "تەقەی شایی" دەشوبهێنێت، داگیرکردنێک کە هیچ پلانێکی بۆ بەڕێوەبردنی عێراقی پاش-داگیرکردن نەبووە. (پیتەر گالبرێس) یەکێکی ترە لەو نووسەرە زۆرانەی بەڕێوەبەریتی بوش بە نەزان و لوتبەرز لە قەڵەم دەدات. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین، کە تیما سەرەکییەکانی کتێبەکەی پیتەر گالبرێس (کۆتایی عێراق: چۆن نەزانیی ئەمریکا جەنگێکی بێکۆتایی بەرپاکرد) دیاری بکەین و سەرنج لە پێشنیارەکانی بدەین بۆ بەڕێوەبەریتی بوش.

## ئەنفال وەک دەروازەی دۆستایەتیی

خوێنەری وردبینی کورد بە پیتەر گالبرێس نائاشنا نییە، بگرە زۆربەی خوێنەر و گرنگیدەران بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و پێگەی کورد لەو نێوەندەدا، پیتەر وەک دۆستێکی دێرینی کورد دەناسن. ئاشنایەتی کورد و پیتەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ئەنفال و ئەو ژمارە ئێجگار کەمەی وتاری ڕۆژنامەوانی کە لەسەر ئەو جینۆسایدە نووسران. بێگومان بەر لە ئەنفال پیتەر سەدانی عێراقی کردبوو، بەڵام وەک "سەمانسا پاوەر" لە کتێبی "گرفتێک لە دۆزەخەوە: ئەمریکا لە سەردەمی جینۆسایدا"[1] دەڵێت: لە یەکەم سەردانی پیتەردا بۆ عێراق، "پیاوی شەرواڵ دەڵب لەسەر لوتکە و تەپۆڵکەکان، جێگەی سەرنج و تێرامانەکانی ئەو نەبوون." بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەدژی کوردان، پیتەر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە عێراق،

[1] ئەو بەشەی کتێبەکەی "سەمانسا پاوەر" کە تایبەتە بە "ئەنفال"، وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئومێد دەکەین کە بەم زووانە چاپ بکرێت.

هەوڵی لە ناوبردن و پاکتاوکردنی کوردان دەدات، سەرەتاکەی گووندنشینی کوردییە و کۆتاییەکەشی کۆی کوردان دەبێت. لە ڕۆژانی ئەنفالدا، پیتەر تاکە کارمەندێکی خۆرئاوایی بوو کە گرنگی بە نەتەوەیەک دەدا، کە بەڕای زۆرینەی دەوڵەتانی جیهان کوشتنی حەڵاڵ بوو. ئەم دۆستایەتییەی پیتەر و کورد، لە ڕۆژگاری ئێستادا گەیشتۆتە ئاستێک کە زۆربەی ئەوانەی کتێبەکەی دەخوێننەوە، بە "کورد-دۆستیی" تاوانباری دەکەن و بۆچوونەکانی وەک پاشکۆی هەوڵەکانی کوردان بۆ پارچە پارچەکردنی عێراق دەبینرێن.

پیتەر یەکێکە لەو نووسەر و دیپلۆماتانە خۆرئاواییە دەگمەنانەی، کە زانیاری تەندروستیان لەسەر کورد و ناوچەکە هەیە، ئەمە بەو واتایە نییە کە کەسانێکی دیکە هیچ لەسەر ناوچەکە نازانن، بەڵکو بەو واتایەی کە زۆربەی لێکۆڵەرەوە خۆرئاواییەکان لە دیدێکی "خۆرئاوا-سێنترال"یەوە لە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە دەڕوانن. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی تێڕامانەکانی پیتەر لەسەر کورد دەکرێن. لە خۆرئاوا و ئەمریکا تێڕامانێکی عەنتیکە هەیە، کە تا ئەم ساتەوەختەش عێراق وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو و خاوەن نەتەوە نمایش دەکات، زۆر سانایە بۆ خاوەنی ئەم تێڕامانە کە باس لە عێراق و خەڵک و گەلی عێراق بکات. بەڵام پیتەر لە کاتێکی شیاودا هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەم تێڕامانە چەوتە دەدات و سەرنجی لێکۆڵەرەوە و بڕیاردەرانی ئەمریکی و ئەورووپی بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت، کە چیتر شتێک نییە بە ناوی عێراقەوە، عێراق بە هەموو واتایەک بوونی نەماوە، ئەوەی ماوە تەنها ناوێکی بەتاڵە. بە دەربڕینێکی دی، پیتەر گاڵبرێس لە کتێبەکەیدا، کە هەر لە ناونیشانەکەیڕا دیارە، بانگەشەی کۆتایی عێراق دەکات، ئەمەش بۆ ئێمەی کورد مژدەیەکە لە هەموو مژدەکانی دیکە خۆشتر. ئەگەر گریمان ئەم دیدەی پیتەر گاڵبرێس دروستە، داوا لە خۆێنەری دەلال دەکەین، ڕێگەمان بدات مژدەیەک بە سەرۆک کۆماری عێراق (یان زۆنی سەوز) جەلال تاڵەبانی بدەین، کە تاڵەبانی نەک بە تەنها یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردی عێراقە، بەڵکو دواهەمین سەرۆک کۆماری کوردی عێراق و دواهەمین سەرۆک کۆماری دەوڵەتی عێراقە. گەلۆ چ دەروازەیەک لەوە فراوانترە بۆ چوونە ناو مێژووەوە؟

## لوتبەرزی و گەمژەیی

پیتەر لە کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ کۆبوونەوەی سێ عێراقی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا، جۆرج بوش دەکات. لەو دیدارەدا، بوش نەزانیی خۆی دەربارەی عێراق و ئیسلام پیشان دەدات. تا ئەو ڕۆژە، کە چەند مانگێک بەر لە داگیرکردنی عێراق بوو، بوش نەیدەزانی کە ئیسلام لە دوو مەزهەبی سەرەکی پێکهاتوە. لە کۆتاییدا، دیدارەکە لەجیاتی باسکردن لە ئایندەی عیراق و دەرهاویشتەکانی پاش-داگیرکردن، سێ میوانەکەی بوش ناچاردەبن کە زانیاری لەسەر ناوچەکە بە سەرۆکی ئەمریکا بدەن. ئەم گەمژەییە لەنێو زۆربەی سەرانی بەڕێوەبەرێتی بوشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە و هەیە. پیتەر باس لە دیدارێکی مەسعود بارزانی و جێری برێمەر (پۆڵ برێمەر) دەکات. لەو دیدارەدا لە هەولێر، برێمەر بە پەنجە ئاماژە بۆ وێنەیەکی مەلا موستەفا بارزانی دەکات و لە مەسعود بارزانی دەپرسێت ئەوە کێیە؟

بێگومان نموونەکانی نەزانیی و گەمژەیی بڕیاردەرانی بەڕێوەبەرێتی بوش لە کاتی داگیرکردنی عێراقدا ئێجگار زۆرن. بەڵام ئەوەی پیتەر لەڕێگای گێڕانەوەی ئەم نموونانەوە دەیوروژێنێت، نەبووی هیچ پلانێکە بۆ دۆزی پاش-داگیرکردنی عێراق و بەڕیوەبردنی ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیست-کردە، بگرە هەنووکەش بەڕێوەبەرێتی بوش نازانێت چی دەکات و چۆن چارەسەری قەیرانەکانی عێراق بکات. بە بڕوای پیتەر، ئەم نەزانیی و لووتبەرزییەی بەڕێوەبەرێتی بوش، بۆتە هۆی دابەشبوونی عێراق بۆ کوردستان، کە بە هەموو واتایەک دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، تەنها لە ناوەکەیدا نەبێت، دەوڵەتێکی شیعەی ئیسلامیی لە باشور کە هێشتا لە گەلاڵە بووندایە، لەگەڵ ناوەڕاستی سوننی کە ناوچەیەکی بێفەرمانڕەوا و بێیاسایە.

بێگومان ئەم گەمژەیی و نەزانییەی بوش و بەڕێوەبەرێتیەکەی هۆکاری سەرەکیی بەرهەمهێنانی ئەم سێ دەوڵەتەیە، بەڵام ئەوەی لە کتێبەکەی پیتەردا سەرنجراکێشە، ئەو ڕاستییە کە تا هەنووکەش بەڕێوەبەرێتی بوش، ئامادەنییە ددان بەو هەڵانەدا بنێت و هەوڵی دارشتنی ستراتیژێکی نوێ بدات کە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی سەر زەمینی عێراق بن، نەک ستراتیژێک کە بەتەنها لە خەیاڵدانی نەزانەکانی نێو بەڕێوەبەرێتی بوشدایە. بێگومان بوشپەرستەکانی نێو ڕۆشنبیریی کوردی، ئەم جۆرە ناونانەی بوش و کارمەندەکانی دیکەی بەڕێوەبەرێتیەکەی، وەک ڕەخنەی ناواقیعی و چەپگەرا ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ئێمە بانگهێشتی ئەم ئەزیزانە دەکەین، بێگومان ئەگەر خوێندەوارییان هەیە، با تەنها چەند دانەیەک لەو چیا کتێبە بخوێننەوە، کە لەم دوو ساڵەی دواییدا لەسەر گەمژەییەکانی بوش و بەڕێوەبەرێتیەکەی نووسراون. لێرەوە خوێندنەوەی کتێبەکەی گاڵبرێس، گرنگیەکی تایبەتیی هەیە بۆ خوێنەری کورد، کە چەند ساڵێکە نووسەری کورد بوشی وەک هەنگوین دەرخوارد دەدات، تا خوێنەر خۆی ببێتە دادوەر.

## ڕێگەچارەی سێ-دەوڵەت

پاش ئەوەی گاڵبرێس پێ لەسەر فراوانبوونی کاریگەریی ئێران لە عێراقدا دادەگرێت، پێشنیاری ئەوە دەکات کە تەنها ڕێگایەک بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییە دابەشکردنی عێراق و سنووردارکردنی کاریگەری ئاخوندەکانی ئێرانە بۆ هەرێمی شیعەکان. ئەمڕۆ ئێران گەورەترین یاریکەری نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراقە، لە ڕێگای شیعەی دەسەڵاتدارەوە دەتوانێت کاریگەرییەکانی خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی عێراقدا پەخش بکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی کە ئەمریکا لەڕێگای داگیرکردنی عێراقەوە پێشکەشی ئێرانی کرد. ئێرانێک کە بە هەشت ساڵ جەنگ نەیتوانی ڕژێمی بەعس لەناوببات[2]، ئەمریکا بە چەند ڕۆژێک بۆی لەناوبرد و کلیلی هەموو دەروازەکانی عێراقی دایە دەست ئاخوندەکانی ئێران. جگە لە فاکتەری ئێرانی، گاڵبرێس جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی سێ-دەوڵەت بۆ عێراق، چیتر هەڵاوێردێک نییە لەنێوان کۆمەڵێک هەڵاوێردی دیکەدا، بەڵکو واقیعێکە کە خەڵکی عێراق سەپاندوویانە و پاشکەشەکردن لێی و گەڕانەوە بۆ دۆخی بەر لە داگیرکردنی عێراق ئەستەمە. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە بڕوای پیتەر، ئەم واقیعە نوێیە دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی گەمژەیی و بێپلانی داگیرکردنی عێراقە، بەڵام لەوە سامناکتر ئەوەیە کە بەڕێوەبەرێتی بوش ئامادەنییە ئەم واقیعە وەک ڕێگەچارەیەک قبووڵبکات، بەڵکو بەردەوام وەک هەڕەشە ئاماژەی پێدەدات و هەوڵی بەرپێگرتنی دەدات. ئەمەش لە دەرئەنجامدا بە شکستی ئەمریکا و داخزانی عێراق بۆ شەڕی ناوخۆ کۆتایی دێت.

پێشنیاری سەرەکیی گاڵبرێس لە کتێبەکەیدا بۆ بەڕێوەبەرێتی بوش، یەکەم ڕازیبوونە بەم واقیعە سیاسییە، دووەم پاشەکشێ پێکردنی زۆربەی هێزەکانی ئەمریکایە لە باشوری شیعەی ئیسلامی و کوردستانی سەربەخۆ لە عێراق. کاتێک ئەم کشانەوەی هێزانە لەو ناوچانەدا کوتاییهات، ئەمریکا لەگەڵ سەرکردایەتی سوننەی عێراق، هەوڵی باشترکردنی هەرێمە نوێیەکەی ناوەڕاستی عێراق دەدەن. بەبڕوای گاڵبرێس، سوونەکان کە ئێستا لە ژێر هەڕەشەی شیعەدان، گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەرێمێکی تایبەت بە خۆیان تاکە ڕێگەچارەیە بۆ خۆپاراستنیان لە هەژموون و تۆڵەی شیعەکان. دەکرێت هێورکردنەوەی هەرێمی سوونە لەڕێگای بانگهێشتکردنی دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە بێت، بۆ پاراستنی ئاشتی هەرێمەکە. کەواتە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی سوونە پێشمەرجی هێوربوونەوەی ئەو هەرێمەیە، چونکە: یەکەم ئەمریکا خۆی

---

[2] بێگومان لە سەرەتای جەنگی عێراق-ئێراندا، عێراق دەستدرێژی کردە سەر ئێران. بەڵام لە ساڵی 1983دا پاش ئەوەی ئێران هەمووی زەوییە داگیرکراوەکانی لە هێزەکانی سوپای عێراق پاککردە و جەنگەکەی گواستەوە بۆ نێو خاکی عێراق، ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئێران جەنگەکە بباتەوە. لەو کاتەدا سەدام داوای ئاگربەست و گەڕانەوەی بۆ ڕێککەوتننامەی جەزائیر کرد، خومەینی ئەمەی ڕەتکردەو و گوتی کە جەنگ تەنها ئەو کاتە دەوەستێنین کە ڕژێمی بەعس دەستبەرداری دەسەڵات ببێت، بێگومان سەدام ئەمەی ڕەتکردەوە و لە ساڵی 1984ەوە ئەمریکا دەستی وەردایە جەنگەکەوە و تەرازوی جەنگەکەی بەلای عێراقدا شکاندەوە.

بەشێکە لە کێشەکە و تا هێزەکانی لەوێ ئامادەبن شەڕی تیرۆریستان لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت، دووەم، هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی ئامادەنییە سەرباز بنێرێت بۆ هەرێمی سوننە تا هیزەکانی ئەمریکا نەکشێنەوە. بۆ ئەوەی ئەم کارەش سەرکەوتوو بیت، گالبریس پێشنیاری دروستکردنی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە کوردستان دەکات، چونکە دانیشتوانی کوردستان کێشەیان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا نییە، هاوکات ئەمریکا لەڕێگای ئەم بنکانەوە دەتوانێت چاودێریی هەرێمی سوننە بکات و ڕێگە لە داخزانی بەرەو دەسەڵاتێکی تالیبان ئاسا بگرێت.

ئەم پێشنیارە بێ گرفت نییە، پیتەر خۆشی دەدان بەو ڕاستییەدا دەنێت، بەڵام هیچ کام لە ڕێگەچارە پێشنیارکراوەکانی دیکە بۆ عێراقی پاش-داگیرکردن بێ گرفتی بنەڕەتیی نین. لە ڕێگەچارەی سێ-دەوڵەتدا، فاکتەری بەغداد هەیە، کە شارێکی دابەشبووە لەنێوان سوننە، شیعە و کورد و نەتەوەکانی دیکەدا. لە ئێستادا بەغداد بەرەو دابەشبوون دەچێت بۆ دوو ناوچەی سوننی و شیعی، کە دیجلە لێکیان جیادەکاتەوە، ئەم دابەشکردنە نەک هەر قووڵتر دەبێتەوە، بەڵکو دەبێتە بنەمایەک بۆ دابەشبوونی ناوچەکانی دیکە کە وەک بەغداد تێکەڵاون. پاشان چما عێراقێکی فرە نەتەوە دەتوانێت دەوڵەت بێت، بەڵام کوردستانێکی فرەنەتەوە، یان سونستانێکی فرەنەتەوە، یان شیعستانێکی فرەنەتەوە و فرەمەزهەب ناتوانن دەوڵەت بن؟ هەر یەک لەم گرفتانە، وێڕای گرنگییان، تا هەنووکە نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم دابەشبوونی شێنەیی عێراقدا، لە ئایندەشدا کە دابەشبوونەکە ددانی پێدانرا هەر یەک لەم گرفتانە شایانی چارەسەرن. بەڵام تەنها شتێک کە شایانی چارەسەر نییە، گێڕانەوەی هەناسەیە بۆ دەوڵەتی تۆپیووی عێراق. لەپاش هەشتا ساڵ لە جەور و ستەم، لەپاش ڕشتنی دەریایەک خوێنی لاوانی کورد، لەپاش ئەشکەنجەدان و ئەتککردنی سەدان کیژ و کوڕی بێتاوانی کورد، لەپاش هەڵەبجەیەک و ئەنفالیک، سوپاس بۆ ئەمریکا دەوڵەتی عێراق تۆپیی. بەڵێ دەوڵەتی عێراق تۆپیی و کەسوکاری شەهیدان خۆش.

## دەرئەنجام

هیچ کام لە پێشنیارەکانی پیتەر گالبریس بێگرفت نییە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: عێراق لە قەیرانێکی قووڵدایە و چارەسەرێک نییە کە هەموو لایەنەکان دڵخۆش بکات. وێڕای ئەم گرفتانە، ڕێگەچارەی سێ-دەوڵەت تەنها ڕێگەچارەیەکە کە ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسیی عێراقە. لە ئێستادا ئەگەر ئەمریکا ددان بەو ستراکچەرەدا بنێت کە شیعە، کورد و سوننە بۆ دابەشکردنی عێراق بەرهەمیان هێناوە، ئەوکات لەڕێگای دانوستانی سیاسی و لەژێر ڕینمایی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا دەتوانرێت کێشە هەستەوەرەکانی وەک کەرکوک، چارەسەر بکرێن. لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، جگە لە کورد کەس نەبوو ددان بە فیدراڵیدا بنێت، بەڵام ئێستا هیچ کەس نییە نکوڵی لێبکات. هاوشێوە باشوری شیعەش لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە فەرمانی واقیع، ئەگەر ئێستا نەبووبێت. ئەمەش سوننەکان دەگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کاکردن بۆ دروستکردنی هەرێمێکی تایبەت بەخۆیان و ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی نەوتی باکور و باشور، تەنها ڕێگەچارەیە بۆ مانەوەی جۆرێک لە عێراق، کە ئەوان تێیدا بتوانن لە هەژموونی شیعە خۆیان بپارێزن و شتێک لەو نەوتەی لە عێراقدایە وەربگرن. لە مەودای دوورتردا هەر یەک لەم سێ دەوڵەتەی ناو عێراق، چارەنووسی خۆی هەڵدەبژێرێت و سەربەخۆیی تەواو دەستەبەردەکات، بەڵام لە ئێستادا بۆ بەرگرتن بە شەڕی ناوخۆ، کە هەمان ئەم دەرئەنجامە بەرهەم دەهێنێت، پێویستە بەڕێوەبەرێتی ئەمریکی لە جیهانە فەنتازییەکی خۆی بێتە دەرەوە و ڕووبەڕووی واقیع ببێتەوە. هەرچیش سەرکردایەتی کوردە، پێویستە کە خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرهاویشتە لاوەکییەکانی ئەو دابەشکردنەی عێراق ئامادەبکەن.

لە کۆتاییدا، پێویستە بگووترێت کە کتێبەکەی پیتەر گالبریس لە ڕەخنە بەدەر نییە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا سەرقاڵی بووین ناساندنی تێما سەرەکییەکانی ئەو کتێبە بوو، نەک ڕاڤەکردنێکی ڕەخنەگرانە.

تێبینی: کتێبەکەی پیتەر گاڵبریس (کۆتایی عێراق: چۆن نەزانیی ئەمریکا جەنگێکی بێکۆتایی بەرپاکرد)، لە بەرگی ڕەق و لە کۆتایی مانگی حەوتدا بڵاوبۆتەوە، قەبارە گەورە و 260 لاپەڕەیە.
بڕوانە:

Galbraith, Peter, W. (2006), The End of Iraq: How American Incompetence Created a War Without End, London and New York: Simon & Schuster.

مافی کۆپیکردن بۆ نووسەر و ماڵپەڕی دەنگەکان پارێزراوە.

2006/08/11
ئۆکسفۆرد/ئینگلاند
bakhtyarkarim@hotmail.com